# بانێكەو دوو هــەوا

حەسەن سەیدباقی

لەم ڕۆژانەدا ڕێم كەوتە كۆشكی دادوەری لە هەولێر، بێ شومار خەڵكی لێ بوو، بەجۆرێك زەوی ڕەشی دەكردەوە، هەندێك دەم بە پێكەنین، هەندێكی تر دۆشداماو بێزاری لێ دەباری، قسەو وورتە وورت لە نێوان حەشاماتەكەدا بوو، لەسەر كێشەكانیان بەهێمنی دەدوان. هەندێك لەدەست پێچی پێكهێنانی خێزانی دابوون، خەندەی سەر لێوانیان مژدەی ژیانێكی بەختیاری پێوە دیاربوو. منیش هاوكاری دوو برادەربووم بۆ مارەبڕین. ئای كە ئەو ساتە وەختە بۆ ئەو دڵخوازانە چ خۆشە. زۆر بەخێرایی لە هەوڵی كاروباری دادوەریدا بوون.

هاتوچۆكانیان بەخێرایی بوو وایان دەزانی كات دەیان بڕێت، نیان زانی كاكی دادوەر كەنەخۆشی دەرونی هەیەو دەبێتە ڕێگر لەبەردەمیاندا و ئەو دەیان بڕێت.

هەتا ئێرە زۆر ئاسایە باسەكەو شێوازێكی ڕۆتینی بەخۆوە گرتووە. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، دیاردەیەكی ناخۆشە كەناكرێت لە دەزگاكانی حكومەتی هەرێمدا هەبێت.

لەو ڕۆژەدا (م. ب) دەیویست هاوسەرەكەی (ئە. حە) مارە ببڕێت، لەدادگای كەسی هەولێر، برادەرێكی (م) كە پارێزەر بوو، حەزی كرد هاوكاریان بكات لەكاروباری یاسایدا. كوڕەكە ئاوارە بوو، بەهۆی باری ناوخۆی كوردستانەوە. ڕەگەزنامەكەی هەڵەبجەی شەهید بوو، بەڵام لە هەولێر ڕەگەزنامەی هەڵەبجەی لێیە تا كاری پشتیوانی بۆ بكات، بەوەی كە ژنی نەهێناوەو زگوردە. زانیاری دروستی وەرگرت. بەڵێ پاش ئەمە دەبوو بچێتەوە دادگا، بۆلای دادوەری كەسی تا بەشێوازی یاسایی مارە بڕینەكە تەواو بكات، بەڵام مەخابن، كاكی دادوەر (ع. ئە) لە ژووری ٩ سەرەتا لە پارێزەرەكەی پرسی بوو بەپارە ئەم كارە دەكەیت، ئەویش لەوەڵامدا ووتبوی پارە هەمووشتێك نییە، ئەو كوڕە برادەرمە، بەهەرحاڵ منیش وەك شاهیدێك لەگەڵیان چوومە ژوورەوە، بەڵام ئەوەی لە كاكی دادوەرم بینی مارە بڕین نەبوو، نازانم ناوی لێ بنێم چی!، ووتی ئەمە نا بێت! ! دەبێت بچیت بۆ سلێمانی. لەوێ پاڵپشتیم بۆ بهێنی.

كوڕە بە هێوری ووتی كاكی دادوەر من ناتوانم ! بۆ حەوت ساڵ دەبێت ناتوانم بچمە سلێمانی. بەڵام پێدەچوو كاكی دادوەر كێشەیەكی دەروونی هەبێت. لۆیە بە كەمێك تووڕەییەوە، بۆدەرەوەی ووت و نابێت... . ! !

كوڕەش سەردانێكی كاكی وەزیری دادی كرد، پاش كەمێك كێشەكەی بۆ بەڕێزیانی ڕوونكردەوە. لەوەڵامدا، ئاگاداری نوسینگەی بەڕێزیانی كردەوە، بۆ ڕۆژی دواتر بەنامەی نوسینگەی وەزیرەوە چویەوە لای كاكی دادوەر (سبحانەالله) ئەوە دادوەر نەبێت هەمو شتێكی ترە. ئەمجارە زیاتر لەدوێنێ تووڕە تر بوو، ووتی من نایكەم بیبەنە لای دادوەرێكی تر، هەرئەوەیە بۆ دەرەوە! ! بەڕاستی گەر دادوەری وابێت ئەبێت خەڵكی قوڕ بپێون! ! ئیشی كوڕە لای دادوەرێكی بەڕێزی تر كۆتایی پێهات! (بانێكەو دووهــەوا) ، بەڵام ئەوەی كۆتایی پێنایەت كردەوەی ئەو برادەرەیە، كە لەكێشەی دەرونیدا دەژی، لە خۆیەوە كارەكان دەبینێت. .

ئایا دام ودەزگا بەرپرسەكان ئاگاداری ئەو جۆرە ڕەفتارانەن؟ گەر ئاگادار نین تكایە با ئاگاداربن خەڵكی ڕزگاركەن لەو دەسەڵاتە نەگریسە ! !

پاش پرسیاركردنم لەسەر ئەو بەڕێزەدەركەوت:

كوڕەكانی كاتی خۆی تەقەیان لێكردووە، هەروەها جارێك لەكاتی دادگایدا دەمانچەی لە گومانلێكراوێك ڕاكێشاوە.

جا كوڕینە بۆ خواتان بێت، ئەوە بەكەڵكی ئەوشوێنە دێت. . دەی هیمەتێك نەبا ڕۆژێك بوخچەی نەكراوەی لاوێك بژاكێنێ.

ئەوەی لە كۆشكی دادی هــەولێر دەگوزەرێت. . بانێــكە و دووهــــــــــەوا.

ئەڵمانیـــا

سبتەمبەر ٢٠٠٢